# لیبراڵیزم و ڕیشەی قەیران و بارگرژییەکان

نوسینی: سەمیر ئەمین
وەرگێڕانی: ناجی ئەفراسیاو

هیچکەس نکوڵی لەوە ناکات کە دیمەنی تەنگژە و گرژییەکان، وەک پەڵەی چەوری بە هەموو ناوچەکانی جیهانی هاوچەرخدا لە باشورەوە تا باکور بڵاوبووەتەوە. ئەم دیمەنانە فۆرمی جیاوازیان بەبەرداکراوە، لەوانە سەرهەڵدانی قەوارەی تیرۆریستی یاخود فۆرمێکی هێمنانەیان وەرگرتووە، کە ئەویش قبوڵکردنی بێدەنگانەی حوکمی سیستەمی باڵادەستە، سەرەڕای ئەوەی کە [دەسەڵات] لەلای زۆرینەی خەڵک متمانەی لەدەستداوە. تەنانەت لێرە و لەوێ کەشێک لە نائومێدی و هەستکردن بە ئیفلیجی هاتووەتە ئاراوە، لەوەی بتوانن لەم تونێلە ڕزگاریان ببێت.

لێرەدا شرۆڤەیەک بۆ هۆکاری سەرەکیی بارودۆخەکە پێشکەش دەکەم. پوختەی تێڕوانینی من بریتییە لە دەرخستنی مۆرکی دوولایەنەی قەیرانی ئێستامان، ئەویش لە یەک کاتدا قەیرانی کارکردنی سەرمایەداری و قەیرانی بزووتنەوە میللییەکانە لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ پاشهاتەکانی لیبراڵیزمدا.

**یەکەم: قەیرانی سیستەمی ئابووری و سیاسیی باڵادەست لە ناوخۆ و جیهاندا، ناسراو بە لیبراڵیزمی بەجیهانیکراو و چاوەڕوانکراو.**

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم سیستەمە بریتییە لە چڕبوونەوەی سەرمایە، بە ڕادەیەک کە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستەکانی خۆی، ئەوەی لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا ڕوویدا (لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ساڵی ١٩٩٠)، هیچی کەمتر نییە لە گواستنەوەیەکی چۆنێتیی دەربارەی چڕبوونەوە لە دەسەڵاتی داراییدا. چونکە ژمارەی مۆنۆپۆلی زلهێزەکان لەسەر ئاستی جیهان بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی پێشوو

کەمبووەتەوە بۆ ١/٥، واتە لە پەنجا هەزار یەکەوە بۆ دە هەزار یەکە، ئەوەش بە پشتبەستن بە هەمان پێوەرەکانی دیاریکردنی قەبارەی دامەزراوە تایبەتمەندەکان.

ئەم گۆڕینە چۆنێتییە چڕبوونەوەیەکی زیاتری بەدەستخست بەمەبەستی دەستبەسەراگرتنی زیادەبەها لەلایەن چەند تاقمێکی (ئۆلیگارشی[1])یەوە، لەبری دابەشکاریی پێشوو، ژمارەیەک لە سەرمایەداران دەیان ئەوەندەی جاران[پارەکانیان کەڵەکە کرد].

پێشهاتەکان، مەترسیی بەرزبوونەوەی پلەی چڕبوونەوەیان سەلماند، کە لە دەرەنجامی بەردەوامیی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە بەدەستدێت. بە مانایەکی تر، ئەم چڕبوونەوە بووەتە بەربەست لە بەردەم گەشەکردنی ئابوورییدا. چونکە ئەم سیستەمە هەر لە یەکەم گواستنەوەی [بەرەو نیولیبراڵیزم]چووەتە نێو قەیرانێکی ستراکتۆرییەوە (هەیکەلییەوە)، واتا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە.

جیاوازییەکی جەوهەری هەیە لەنێوان چەمکی قەیرانی هەیکەلیی و چەمکی قەیرانی دۆخێکی ئاسایی‌دا. چونکە ئەمەی دوایان [قەیرانی دۆخێکی ئاسایی] فۆرمێک لە شێوەی پیتی (U)ی لاتینی وەردەگرێت، واتا هەمان ئەو کارلێککردنانەی کە لە ئەنجامی کرژبوونی ئابوورییەوە دروستبوون، پاش چەند ساڵێکی کەم لە سستبوونی بازاڕ و لە ساتێکی دیاریکراودا دەبنەوە هۆی بوژانەوە و گەشەونما.

بەڵام قەیرانی هەیکەلیی فۆرمێکی تر وەردەگرێت لە شێوەی پیتی (L)ی لاتینی، واتا ئەو کارلێککردنانەی بوونەتە هۆی سستبوونی ئابوری و بازاڕ ناتوانن ئەم سیستەمە لە کرژبوون دەربازبکەن. بەدەر لە بەرهەڵستکاری و دژایەتیکردنی لۆژیکی باڵادەست، هیچ چارەسەرێک بۆ ئەم قەیرانە لە ئارادا نییە. بۆیە دەڵێم قەیرانی هەیکەلی کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا لەئارادایە (پاش زیاتر لە سی ساڵ)، هەمان سیمای قەیرانی پیربوونی سیستەمی سەرمایەداری هەیە.

بەڵام سیستەمێکی لەم شێوەیە (کە ناتوانێت بەردەوام و سەقامگیر بێت) خزمەت بە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەت دەکات، ئەویش بەرژەوەندیی ئۆلیگاریشی حوکمڕانە، هەروەها بەردەوامن لەدابەشکردنی دەرامەت و سامان بەشێوەیەکی نایەکسان لە بەرژەوەندیی خۆیان. لەسەر حیسابی سەرجەم لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر. لەواقیعدا ئەوەی بەدی دەکرێت ساڵ لە دوای ساڵ ئەم نابەرابەرییە بەرزتردەبێتەوە، ئەگەرچی لەسەر بنەمای بنچینەیەکی ئابوری بێت، کە لە ناوەندەکانی سیستەمدا پەنگی خواردووە.

زاڵبوون و سەرکەوتنی ئەم کەمینە بودەڵە لە بواری سیاسییدا، پێویستی بەوەیە سەرجەم ڕێکارە دیموکراسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بێ‌بایەخ و بێ‌ناوەرۆک بکرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی متمانە. هەروەها باڵادەستیی بەرژەوەندیی ئۆلیگارشییەکان لەسەر ئاستی جیهان پێویستی بە دامەزراندن و پاڵپشتی دیکتاتۆریەتی ئۆلیگارشییە لەسەر ئاستی ناوخۆ، بۆ ئەوەی

---

[1] -Oligarchy- مەبەست لەو چەمکە؛ حوکمڕانی وڵاتە لەلایەن چەند کەسێکی کەم یان چەند بنەماڵە و تاقمێکەوە، هاوشێوەی گروپی مافیایی. (و.کوردی)

پاشکۆیەتی بکات و لە دامێنی ئاغاکانی سیستەمی جیهانییدا بەشداری لە بەتاڵانبردنی سامانە نیشتیمانییەکاندا بکەن.

ئەستەمە ئەم جۆرە دەسەڵاتدارانە بتوانن ڕێژەیەکی مەعقول لە شەرعییەت لە گەلانی خۆیانەوە وەرگرن.

پوختەی قسەکەمان ئەوەیە؛ دەربازبوون لە قەیرانی پیربوونی سەرمایەداری تەنها لەڕێگەی دەربازبوونی خودی سەرمایەداری خۆی لە خەسڵەتی لۆژیکی کارپێکردنی کۆمەڵگاوە دەبێت. بەڵام دارشتنی ستراتیژیی ئەکتیڤ بەمەبەستی پێشکەوتن بەم ئاراستەدا، پێویستی بە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی قۆناغی داهاتووە، کە دەتوانرێت تێهەڵکێشی چوارچێوەی پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازی درێژخایەن بکرێت.

## دووەم: قەیرانی بزووتنەوەکانی خەبات لەپێناو "دونیایەکی دیکەی باشتر"

پرۆژەی لیبراڵیزم، ئەوپەڕی زیانی بە بەرژەوەندیی زۆرینەی ڕەهای گەلان بە تایبەتی لە باکور و باشور گەیاندووە، بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو هەستان بە وێرانکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا. دواتر پرۆژەی باڵادەستیی ئۆلیگارشیی ئیمپریالیزمی حوکمڕان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەربۆیە توانیان لە چەند ساڵێکی کەمدا ئامانجەکانیان بهێننە دی.

ئەو هێزانەشی کە چاوەڕواندەکرا بەرهەڵستکارییەکی بەهێز و ئەکتیڤی ئەم پلانە بکەن، نەیانتوانی توانای خۆیان لە ڕاگرتنی پلانی ئیمپریالیزم بسەلمێنن. بەڵکو سەرکردە حوکمڕانەکان تەسلیمی دیفاکتۆ بوون و لایەنگری لیبراڵیزمیان کرد، بەو هیوایەی گەرەنتیی مانەوەیان لە دەسەڵات بکرێت. ئەم کودەتا کتوپڕە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی توێژە کۆمەڵایەتییە نیشتیمانییە مىللییەکان، لەبری ئەوانیش دەسەڵاتی ئۆلیگارشیی لۆکاڵیی گەندەڵ و ملکەچ و تاکڕەو جێگەی گرتەوە.

ئەم کودەتا چاوەڕواننەکراوە جەماوەری قوربانیانی سیستەمی نوێی تووشی سەرسوڕمان کرد، کە خۆیان بەبێ چارە بینییەوە. بەڵام ئەمجارە بە گژ خراپبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتییاندا چوونەوە، لەپێناو پاراستنی مافە بەدەستهاتووەکانیان چەند بەرەیەکی خەباتیان کردەوە. بەڵام ئەم بزووتنەوانە تەنها لەسەر بناغەی هێڵی بەرگریی ڕاوەستاون، بەبێ خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤێکی پۆزەتیف، هاوشێوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی سەرجەم بزووتنەوە خەباتگێڕەکانی دیکە. ئینجا بزووتنەوەکان هەنگاوی تریان هاویشت، بەمەبەستی داهێنانی میکانیزمی بەستنەوەی بزووتنەوەکان بەیەکترەوە. لێرەدا باسی هەندێک لەو دەستپێشخەرییانە دەکەم کە بەو ئاراستەیەدا پێشکەشکراون، بۆ نموونە دامەزراندنی کۆڕبەندی جیهانیی بۆ بەدیلەکان (ئەڵتەرناتیڤەکان) لە ساڵی ١٩٩٧دا لە قاهیرە، هەروەها بەستنی کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانی لە بەرازیل ساڵی ٢٠٠١.

ئەو ئەڵتەرناتیڤانە چین کە بزووتنەوە خەباتگێڕەکان لەپێناو "دونیایەکی دیکەی باشتر" لە رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی دەسەڵاتی مۆنۆپۆلی ئیمپریالیزمی بەجیهانیکراودا خستوویانەتە ڕوو؟

لێرەدا پۆلێنکردنی وەڵامەکان لەژێر پێنج ناونیشاندا بەم شێوەی لای خوارەوە پێشنیاردەکەم:

١- ئەو پرۆژانەی داوای گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەکەن، بۆ بەیاساییکردنی بازاڕەکانی دارایی و هتد.

ژمارەیەک لە شارەزایانی قوتابخانەی لیبراڵیزم (وەکو stigliz کە پرۆژەی چاکسازی لەم جۆرە دەخەنەڕوو، پێیان وایە تەنها ئەوە بەسە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە. هەندێک لە لایەنگرانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بە وزە و توانای ئەم میتۆدە قایل ببوون. بەڵام من بەشداری لەم وەهم و گەوجاندن و خۆشباوەڕییەدا ناکەم، چونکە ئەو چاکسازییانەی خراونەتەڕوو خۆیان لە قەرەی پرەنسیپی قازانجی دارایی نادەن، کە هەژموونی تەواوی بەسەر بڕیاردان لەسەر کاروباری ئیدارەدانی ئابوورییەوە هەیە.

٢- گەڕانەوە بۆ نموونەکانی ئیدارەی ئابووریی دوای جەنگی جیهانیی دووەم (سۆسیالدیموکراتی ڕاستەقینە لە ڕۆژئاوا، سۆسیالیزمی سۆڤێتی و چینی، نیشتیمانیی میللی لە باشور).

***بەلای کەسەوە سەیر نییە کە تاسە و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی نزیک گەشەیکردووە. چونکە بەراوردکاری لەنێوان دەستکەوتەکانی ئەو سیستەمانە لەگەڵ پووکانەوە و کارەساتەکانی لیبراڵیزم، هانی ئەو خەڵکە دەدات ئاوات بە ڕابردوو بخوازن.***

بەڵام گەڕانەوە بۆ ڕابردووی هەر مۆدێلێکی سەرمایەداری بەبێ -گۆڕینی چەندایەتی- لە ڕێژەی سەنتەرالیزمی دەسەڵات بەسەر پارەدا، هەمیشە مەحاڵە دەستکەوتی هەبێت. بۆیە دەبێت ستراتیژی خەباتگێڕانە دابڕێژرێت، بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی سەرمایەداری وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، نەک وەک ئەوەی دوێنێ لە ئارادا بوو.

٣- گەڕان بەشوێن پرۆژەی سازانێکی فراواندا لەسەر خاکێک کە مۆرکێکی مرۆیی هەیە. ئەم میتۆدە پشت بەو وەهمە دەبەستێت، گوایە دەکرێت خاوەن بەرژەوەندییە لێکدژەکان لەپێناو پرۆژەیەکی هاوبەشدا بگونجێن. لەو بڕوایەدام تێڕوانینی گێلانە دەربارەی کێشەکانی ژینگە دەچێتە خانەی ئەم وەهمانەوە.

٤- ئەو پرۆژانەی پشت بە دووپاتکردنەوەیەکی هەڵە دەبەستن، گوایە ڕابردوو وەڵام بۆ هەڵوێستەکانی ئێستامان دەخاتەڕوو.

ئەم پرۆژانەش بەپێی بارودۆخی لۆکاڵیی فۆرمێکی ئاینی یان تایەفی وەردەگرن.

٥- بایەخدانی زیاتر بە چەسپاندنی ڕێز بۆ ئازادیی تاکەکان.

نائومێدی و بێ هیوایی لە چالاکیی سیاسی، دۆخێکی لە خودنامۆیی و گۆشەگیریی خەڵک لە یەکتر هێناوەتە ئاراوە، هەربۆیە بایەخ بە ئازادیی تاکەکان دراوە، هەروەها هەندێک لە بیرمەندەکان (لە چوارچێوەی ڕەوتی فەلسەفیی ناسراو بە پۆستمۆدێرنە) هەوڵیانداوە ئەم میتۆدە وەک شتێکی

چاک و نایاب تیۆریزەبکەن، گوایە میکانیزمێکە بۆ گۆڕینی جیهان بەبێ گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات.

ڕەنگە خوێنەر تێبینی ئەوە بکات ئەو میتۆدانەی کە باسکراون خاڵێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی هیچکام لەو شیکارییانە ناوەڕۆکێکی چینایەتیان نییە، ئەگەرچی هەموو ڕێکارەکانی لیبراڵیزمی بەجیهانیکراو لە ئیدارەدانی سیاسەتی دەوڵەت و ئابوریيدا (کە دواتر پاشهاتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت) دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی چینایەتی.

پێشتر ئەم بۆچوونە کورتەم بە "***ڤایرۆسی لیبراڵی***" چواندووە، کە بە هەموو کونیلەکانی جەستەی کۆمەڵگادا ڕۆچووە، بەو هۆیەوە باڵادەستیی ئایدۆلۆژیای چینی حوکمڕانی مۆدێرن (ئۆلیگارشییەکان) چەسپیوە، بووەتە ئایدۆلۆژیای سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا لە نێویشیاندا چینە میللییەکان.

نهێنی سەرکەوتنی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایدیایە دەگەڕێتەوە بۆ دارِزانی چالاکیی ئەو سێ سیستەمەی کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە تاکو ساڵانی هەفتاکان حوکمیان دەکرد (سۆسیالدیموکراتی ڕاستەقینە لە ڕۆژئاوا، سۆسیالیزمی سۆڤێتی و چینی، نیشتیمانیی میللی لە باشور). لێرەدا مەبەست لە دارِزانی دوولایەنەیە، لەلایەکەوە میکانیزمەکانی ئیدارەدانی ئابووریی هەمەجۆر، لەلایەکی دیکەوە چالاکیی میتۆدەکانی ئیدارەدانی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە مانایەکی تر ئەم دارِزانە کەلێنێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و فیکریی دروستکردووە، ئەوەش بەهۆی کورتبینیی هەموان بەتایبەتی فەرمانبەران و چەوساوەکانەوە هاتووەتەئاراوە.

ئەم کارەساتانە هانی ئەوە دەدات کە چەقی قورسایی فیکر و کارکردن لە خاکی حەقیقی ئابووریی لیبراڵەوە بگۆڕین بۆ چەند خاکێکی دیکە کە هەندێکیان بەیەکەوە بەستراون(وەکو ژینگە و دیموکراسی) و هەندێکی تریان گفتوگۆ لەسەر غەیب دەکەن (گرنگی بە ژیانی ئەو دونیا دەدەن).

بەکورتی و بەپوختی قەیرانی بزووتنەوە میللییەکان و قەیرانی سیستەمی حوکمڕان گەیشتووە بە بنبەست بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی جدی بنرێت بۆ چارەسەرکردنی. تەنها دوو ڕێگا لە بەردەممانە بۆ دەرچوون لە سنورەکانی ئەم سیستەمەی پیر و پەککەوتە بووە:

- ڕێگای شۆڕش، بەو مانایەی قوربانییەکان بە چاوتیژییەوە ئەڵتەرناتیڤێکی گەرەنتیکراو پێشکەشبکەن.
- لە غیابی ڕێگەی یەکەمدا، ڕێگای بارگرژی و پووکانەوە خۆی پێشکەشدەکات. بۆ زانیاریتان مێژوو نموونەی لەسەر هەردوو ڕێگاکە پێشکەش کردووین.

سەرچاوە:

- https://www.facebook.com/zeitgeist.arabic/photos/a.181642081901425.46099.169781333087500/1112003422198615/?type=3